سودانی پەشوازی لە نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکات

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمە چوارشەمە، پەشوازی کرد لە نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، محەممەد حەسان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران بڵاویکردەوە"لە میانی دیدارەکەدا باسیان لە پەرەپێدانی هاریکاری نێوان عێراق و ڕێکخراوی نەودەوەتی کرد بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان و گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان.

لە بەشێکی تری دیدارەکەدا دوایین پێشهاتەکانی گەڕەپانی ناوچەکە تاوتوێ کرا، و جەختی لەسەر گرنگی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کرایەوە لە سینەوەی کاریگەریەکانی جەنگ و یارمەتیدانی هەردوو گەلی فەلەستین و لوبنانی برا ، هەروەها پێویستی هاوکاری و هەماهەنگی بە یارمەتیدانی سوریا بە ڕێکخستنی پرۆسەیەکی سیاسی گشتگیر کە بەشداری هەموو پێکهاتەکان و پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی مسۆگەر بکات.